بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ
قَدِيرٌ ﴿1﴾

هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوا دەکەن، دەسەڵاتیداریی و سوپاسگوزاری هەر شایستەی ئەو زاتەیە، هەر ئەویش دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿2﴾

هەر ئەوە کە دروستی کردوون، هەتانە کافرەو هەتانە ئیماندارە، خوایش بینایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴿3﴾

(ئەو خوایە) لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، وێنەی ڕوخساری ئێوەی کێشاوە بە جوانترین شێوە، گەڕانەوەو سەرئەنجامیش هەر بۆلای ئەوە.

يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ
﴿4﴾

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیەو دەگوزەرێت، خوا ئاگاو زانایە پێی، هەروەها دەزانێ چی پەنهان دەکەن و چی ئاشکرا دەکەن، بەڕاستی ئەو خوایە زۆر زانایە بە هەرچی لە پێچ و پەنای سینەکاندا حەشار دراوە.

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿5﴾

ئایا هەواڵی ئەوانەی پێشترو کافرو بێ بڕوابوون پێتان نەگەیشتووە چۆن
توشی ئەو بەڵایە هاتن کە خۆیان بۆ خۆیان سازاندیان لە دنیادا، لە
قیامەتیشدا سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە.

ذَلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ
وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿6﴾

ئەوەش بۆیە پێش هات چونکە پێغەمبەران بە جۆرەها بەڵگەو (معجزة)
پەیامی خواییان پێ ڕاگەیاندن کەچی وتیان: ئەمانە بەشەرن وەکو ئێمە،
(چۆن دەبنە پێغەمبەرو چاوساغمان)؟، (بەو بیانووە) ڕێبازی کوفریان
هەڵبژاردو کافر بوون و پشتیان هەڵکرد، خوایش پێویستی (بە ئیمانی
ئەوان) نیە چونکە خوا خۆی دەوڵەمەندو بێنیازەو شایستەی سوپاسە.

زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ
يَسِيرٌ ﴿7﴾

ئەوانەی کافرو بێ بڕوان وا گومان دەبەن کە هەرگیز زیندوو
ناکرێنەوە، پێیان بڵێ: وا نیە، سوێند بە پەروەردگارم، بەڕاستی هەر
زیندوو دەکرێنەوە، پاشان ئاگادار دەکرێن لە هەموو ئەو کارو
کردەوانەی کە ئەنجامتان دەدا، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسان و
سادەیە.

فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿8﴾

کەواتە (تا زووە) باوەڕ بێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، وە بەو نوورو
ڕۆشناییەی کە ناردومانەتە خوارەوە، دڵنیاش بن کە خوا ئاگایە بە
هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿9﴾

ڕۆژێك دێت كە خوا هەموانتان كۆدەكاتەوە لە ڕۆژی كۆكردنەوەدا، ئەو كاتە ڕۆژی زیانباری بەدكارانە، جا ئەوەی ئیمان و باوەڕی بەخوا هێنابێت و كردەوەی چاكی ئەنجام دابێت، خوا چاوپۆشی دەكات لە گوناهو هەڵەكانی، دیخاتە باخ و باخاتی بەهەشتەوە كە جۆگەو ڕوبار بە زۆر دەرەختەكانیدا دەڕوان، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی، بێگومان ئەوەیە سەركەوتن و سەرفرازیی گەورە و بێ سنور.

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿10﴾

ئەوانەش كە بێ باوەڕ بوون و ئایات و بەڵگەكانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە، ئەوانە نیشتەجێی ناو دۆزەخن و ژیانی نەبڕاوە تیایدا دەبەنە سەر، بەڕاستی سەرئەنجامێكی زۆر ناخۆش و نالەبارە.

مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿11﴾

هەر بەڵاو ناخۆشیەك پێش بێت، بێ ویست و ڕەزامەندی خوا نابێت، جا ئەوەی باوەڕی دامەزراوی بە خوا هەبێت، دڵی دادەمەزرێنێت، (هەر بارودۆخێكی بەسەردا بێت بە بەشی خوا ڕازیەو بە تاقی كردنەوەی دەزانێت) و دڵئارامە، خوای گەورەش بە هەموو شتێك زانایە.

وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴿12﴾

فەرمانبەرداریی خوا بكەن و فەرمانبەرداری پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بكەن، جا ئەگەر پشت هەڵكەن و گوێڕایەڵ نەبن (ئەوە

خۆتان زەرەر دەکەن) ئەگینا تەنهای گەیاندنی ڕوون و ئاشکرای
پەیامەکەی، ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرەکەمانە.

اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿13﴾

( الله) خوایەکە جگە لەو خوایەکی تر نیە، دەبا ئەوانەی ئیماندارن هەر
پشت بەو ببەستن و داوای یارمەتی هەر لەو بکەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِن تَعْفُوا
وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿14﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە..(جاری وا هەیە) هاوسەرانتان یا ڕۆڵەو
نەوەکانتان دژایەتی و دوژمنایەتیتان دەکەن.. ئەوە وریا بن لە هەس و
کەتاندا لەگەڵیانداو (خۆتان لەشەڕیان بپارێزن)، جا ئەگەر لێیان خۆش
ببن و چاوپۆشی بکەن و لبوردە بن، ئەوە چاك بزانن کە خوا زۆر
لێخۆشبووەو زۆریش میهرەبانە.

إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿15﴾

دڵنیا بن کە ماڵ و سامان و ڕۆڵە و نەوەکانتان بۆ تاقیکردنەوەتانن،
(ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێن) خوای میهرەبان پاداشتی زۆر زۆری
لایە (بۆ خۆگرو لێبوردەکان).

فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ
فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿16﴾

هەتا دەتوانن بە تەقواو خواناس بن، گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بن، خێرو
چاکە بکەن بۆ خۆتان جا ئەوەی خۆی لە ڕەزیلیی و ڕژدی و نەفسی
خۆی بپارێزێت، ئەوانە سەرفەرازن.

إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴿17﴾

ئەگەر قەرز بدەن بە خوا، بەشێوەیەکی چاك (مەبەست بەخشینی ماڵ و سامانە لەبەر خوا) چەند بەرابەری دەکات بۆتان، هەروەها لێتان خۆش دەبێت، وە خوا زۆر سوپاسگوزارو خۆڕاگرە، (لەسەر بەخشین کە هەر بەخششی خۆیەتی سوپاسگوزارە، وە مۆڵەتی رەزیلەکانیش دەدات تا کاتی خۆی).

عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿18﴾

وە ئەو زاتە زانای شاراوەکان و ئاشکراکانە، وە خوایەکی باڵادەست و دانایە.